حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
ب.گ. پلان دانان و بەدواداچوون

# چالاکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
# ساڵی ٢٠٢٢

ئازار ٢٠٢٣

**ئەم راپۆرتە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون وە لە لایەن ئەم بەڕێزانەی خوارەوە ئامادە کراوە**

| | |
|---|---|
| ١- سوار عزیز علی | ب.گ.پلان دانان و بەدواداچوون |
| ٢- مصطفی زبیر بلال | ب.پلان دانان |
| ٣- گولن فؤاد احمد | ب.سەنتەری زانیاری |
| ٤- ماجده ابراهیم شاکر | فەرمانبەری پلان دانان |
| ٥- یاسمین صبحی علی | فەرمانبەری پلان دانان |
| ٦- زهره احمد محمدامین | فەرمانبەری پلان دانان |
| ٧- ئاری حامد عبدالکریم | فەرمانبەری پلان دانان |
| ٨- سالم محمد صالح | فەرمانبەری سەنتەری زانیاری |
| ٩- هوشمند حمید عزیز | فەرمانبەری سەنتەری زانیاری |
| ١٠- دلێر خلیل ابراهیم | فەرمانبەری سەنتەری زانیاری |
| ١١- فواد رشید اسماعیل | نووسینگەی ب.گشتی |
| ١٢- نادیه حسین خضر | نووسینگەی ب.گشتی |

# پێڕست

لاپەرە یەک


بەشی یەکەم: پێشـــــەکی ........................................................................ 4

بەشی دووەم: پێکهـــاتەی ئیـــداری ........................................................................ 10

وەزارەت 11

ب.گ. کاروباری کاگێری و دارایی ........................................................ 12

ب.گ. پلان دانان و بەدواداچوون ........................................................ 13

ب.گ. گەشەپێدانی پیشەسازی ........................................................ 14

ب.گ. بازرگانـــی ........................................................................ 15

ب.گ. تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ........................................................ 16

بەشی سێهەم: فـەرمانبـــەران ........................................................................ 17

بەشی چوارەم: چالاکـــییە گشتیـــەکان ........................................................................ 32

پەیوەندیەکان و چالاکییەکانی وەزارەت........................................... 33

دانان و هەموارکردنی یاسا و رێنمایی ............................................ 39

ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە ................................................................ 40

لاپەرە دوو


بەشی پێنجەم : پـــرۆژەکان ........................................................................................ 42

بەشی شەشەم : کارگەکانی حکومی.................................................................................. 47

بەشی حەفتەم : کارگەکانی کەرتی تایبەت.......................................................................... 50

کارگەکانی دامەزراو لە هەرێمی کوردستان لە کۆتایی 2022 ................ 51

کارگەکانی دامەزراو لە هەولێر لە کۆتایی 2022 .................................. 57

کارگەکانی دامەزراو لە سلێمانی لە کۆتایی 2022 ................................ 59

کارگەکانی دامەزراو لە دهۆک لە کۆتایی 2022 .................................. 61

بەشی هشتەم : مۆڵەتی دامەزراندنی کارگەکان ............................................................... 63

ژمارەی مۆڵەت لە هەرێمی کوردستان لە کۆتایی 2022 ..................... 65

ژمارەی مۆڵەت لە هەولێر لە کۆتایی 2022 ................................................................ 74

ژمارەی مۆڵەت لە سلێمانی لە کۆتایی 2022 ............................................................. 79

ژمارەی مۆڵەت لە دهۆک لە کۆتایی 2022 ................................................................ 84

بەشی نویەم : وەرگـــرتنی دانەوێـلە ....................................................................................... 89

لاپەرە سێ


بەشی دەهەم : چـــاودێری و کونترۆڵ ........................................ 95

خۆراکی دابەشکراو ........................................ 96

چاودێری شوێنە بازرگانیەکان ........................................ 97

چاودێری بەرهەمی خۆماڵی ........................................ 99

چاودێری کارگەکان ........................................ 104

بەشی یازدەهەم : چـــیمەنتۆ ........................................ 105

بڕی چیمەنتۆی بەرهەم هێنراو ........................................ 106

کارگەکانی چیمەنتۆ کە بەرهەمیان نییە ........................................ 107

بڕی چیمەنتۆی دابین کراو ........................................ 108

بڕی چیمەنتۆی دابین کراو بۆ کۆمپانیاکان ........................................ 109

بڕی چیمەنتۆی دابەش کراو ........................................ 110

بەشی دوازدەهەم: هاوردە و هەناردەی بازرگانی ........................................ 112

بەشی سیزدەهەم: کۆمپـانیاکانی تۆمارکراو ........................................ 128

بەشی چواردەهەم: هێمای بازرگانی ........................................ 137

بەشی پانزدەهەم : پەرەپێدانی مرۆڤی ........................................ 142

## بەشی یەکەم:

# پێشەکی

# چالاکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ساڵی 20٢2

## پێشەکی

گەشەسەندنی پیشەسازی بۆ هەر وولاتێک بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی گەشەسەندنی ئابووری هەمەلایەنە دادەنرێت ، بەو پێیەی پیشەسازی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئابووریدا وە بە یەکێک لە جومگە سەرەکییەکانی ئابووری دەژمێردرێت ، هەروەها کەرتی پیشەسازی گەرەنتی زیادبوونی بەهای زیادکراو (القیمە المضافە) دەکات زۆر گرنگ و یارمەتیدەرە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک و پێویستییە سەرەکیەکانی مرۆڤ ،  باشترکردنی هاوسەنگی ئابووری لەڕووی بازرگانی و ئابووری و دامەزراندن و کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوونی ووزە وە ڕێژەی ئێستای بێکاری و دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ نەوەکانی داهاتوو.

بۆ پشتیوانی کردنی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەم کەرتە دەبێت پیشەسازی لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی هەر سیاسەتێکی گەشەپێدانی ئابووری گشتگیر دابنرێت وە لە هەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زۆر زیاتر پێ بدرێت .

پیشەسازی ڕووبەڕووی پاشەکشە و لە ناوچوون بووەتەوە کە کاریگەری خێرای لەسەر گەشەسەندنی چالاکیی پیشەسازی بەجێهێشت لەبەر ناسەقامگیریی ساڵانی دەیەکانی ڕابردوو بەهۆی شەڕەکان و گەمارۆی ئابوورییەوە.

سەبارەت بەو کارگانەی کە توانیویانە بارودۆخەکانیان چارەسەر بکەن و چالاکیەکانیان دەست پێ بکەنەوە ، بەدەست چەندین مەرج و کێشە دەناڵێنن وەک نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان کە لە پێش هەموویان کارەبایە وە پێداویستی بەرهەمهێنان و تێچووی بەرزی بەرهەمهێنان بەتایبەتی کرێی گواستنەوە و کرێی کرێکاران و ...هتد کە لەگەڵ چالاکیی بەرهەمداردا نین.

جگە لەوانەی پێشتر باسمان کرد لە ساڵی ٢٠٠٣ە وە بازاڕی عێراق و کوردستان بە گشتی بە شێوەیەکی پشێوی و نابەرپرسانە بۆ هەموو جۆرە کاڵایەک کرایەوە بەبێ کۆنترۆڵکردن یان سەپاندنی باجی گومرگی گونجاو یان کۆنترۆڵکردنی کوالیتی وە بە نرخێکی کەم دێتە ناو هەرێم و عێراق ، ئەمەش وایکرد زۆرێک لە کارگەکان بەرهەمهێنان بوەستێنن بەهۆی بێ تواناییان لە کێبڕکێ وە بە هەدەردانی بەرهەمەکانیان کاتێک بەرهەمیان لە بازار ساغ نابێتەوە .

زۆربەی ئەو کاڵایانەی کە دەچنە ناو بازاڕی عێراق کوالیتی خراپن و بە نرخێکی کەم دەفرۆشرێن ، ڕەنگە لە خوار ئاستی تێچووی بەرهەمهێنانیانەوە بێت لە وڵاتانی سەرچاوەی خۆیان ، ئەمەش گومان لەسەر بوونی دۆخی قۆرخکاری دروست دەکات لە ژێر ڕۆشنایی نەبوونی سیاسەتێکی ئابووری سەقامگیر و کۆنترۆڵکردن و بەدواداچوون و نەبوونی هیچ دیدێکی ئابووری و ستراتیژی گەشەپێدان.

ئەو شێواندنە ئابوورییەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ زاڵ بوو کە ئەوەش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە زانیاری لەسەر دۆخی عێراق و شیکاری ئابووری لە کابینەکانی حکومەتدا کەم بوو ، بۆیە ئەو سیاسەتانەی لەو کاتەدا پەیڕەو دەکران ، ڕێچکەیەکی ئامادەیە (کۆنترۆڵنەکراو) بۆ مۆدێلی ئابووری سەرمایەداری و ڕەنگدانەوەی راستەقینەی ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستان نین , هەر بۆیە دەرگای هاوردەکردنی بۆ هەموو جۆرە کالایەک کراوەیە, ئەمەش بووە هۆی لەناوچوونی هەموو چالاکییەکی بەرهەمدار لە وڵاتدا کە دەبێتە هۆی کێبڕکێی نادادپەروەرانە و نایەکسان وە دۆخەکە بەم شێوەیە تەنانەت دوای دامەزراندنی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانیش بەردەوام بوو.

ئامارەکانی وەزارەت ئەوە دەردەخەن کە پرۆژەپیشەسازییەکانی کوردستان ٩٠% بچووک مام ناوەندن ئامیرەکانیان و تەکنولوجیای کۆنن لە بەرهەمهێنان بۆیە ناتوانن کێبرکی لە گەل بەرهەمی بیانی و هاتوو بکرێت بۆیە تێچووی بەرهەمیان زۆرە، پێویستیان بە چاکسازی بە پێدانی قەرزی پیشەسازی هەیە لە رێگای بانکەکانەوە . وە بە پێی ئامارەکانی ساڵی **2018** و **2019** و **2020** و ٢٠٢١ ئەو راستیە دەردەخات کە کەرتی پیشەسازی لە عێراق و هەرێمی کوردستان ، ژێرخانێکی بە هێزی نییە بۆ دابین کردنی پێداویستی هاوولاتیان لە دۆخەکانی نەخوازراو دا پێویستی دەکردلە داهاتی نەوت بەشێکی بۆ بەهێز کردنی کەرتی پیشەسازی تەرخان بکرێت و هەروەها رۆلی بەهێزی کەرتی بازرگانی بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان بۆ بوژانەوەی ژێرخانی پیشەسازی هەمەچەشن کردنی داهات بەکار بهێنرێت.

هەروەها کشتوکاڵ و بڕی بەرهەمی کشتوکاڵی نەیتوانیوە بە پێی رێژەی گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان و هاوتەریب لەگەڵ داواکاری بازار گەشە بکات و رۆلی خۆی لە سیاسەتی ئاسایسی خۆراک بسەلمێنێت کە هۆکارەکانی دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتی خاوەنداریەتی زەوی کشتوکاڵییەکان و بەرێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان وە بە کارهێنانی تەکنولوجیای نوی لە بەرهەمهێناندا.

بڕی بەرهەمە ئاژەڵییەکان بەگشتی لە هەرێمی کوردستان بەرەو نزم بوون دەڕوات و سیستەمی کشتوکاڵ بەتایبەتی بەرهەمی پیشەسازی وە پەروەردە کردنی ئاژەڵ بە شێوازی نەریتی ،توانای وەڵامدانەوەی پێویستی بازاڕو کەرتی پیشەسازی نیە وە لە بەرامبەردا لە بەشەکانی بە خێو کردنی ماسی و پەلەوەر ،بڕی بەرهەم بەرێژەیەکی دیار گەشەی کردووە و لە هەرێمی کوردستان بووە بە سەرچاوەیەک بۆ هەناردەکردنی ئەم جۆرە بەرهەمانە بۆ ناوچەکانی تری عێراق.

شوێنی جوگرافیای کوردستان ، ئاسایشی بەردەوام بۆ پاراستنی وەبەرهێنەر و بازرگانەکان، خاڵی گرنگن بۆ وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی زۆر گرنگە بۆ پێکەوەبەستنی ئابوری جیهانیی، چونکە پەیوەندیی سەقامگیر و درێژخایەن دروست دەکات لەنێوان ئابوریی وڵاتاندا. وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی کەناڵێکی گرنگە بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆجیا لەنێوان وڵاتان، بۆ هاندانی بازرگانی نێودەوڵەتیی لەڕێگەی دەستگەیشتن بە بازاڕە بیانییەکان، هەروەها دەتوانێت بزوێنەرێکی سەرەکیی بێت لە بەدیهێنانی گەشە و پەرەپێدانی ئابوری. وە هەروەها  ئاسانکاری بۆ چالاکوانانی ئابووری و سیاسەتی بازار کراوە وایکردووە کە ئەم هەرێمە وەکوو دەروازیەکی سەرەکی بەکاربهێنرێت بۆ گواستنەوەی کەل و پەلی و مەوادی هاوردە لە تورکیا ، ئێران ، ئەوروپا و ڕۆژهەلاتی ئاسیا بۆ شوێنەکانی تری عێراق و وولاتانی دراوسێ و ببێتە ناوەندێک بۆ بازرگانی مەوادی خۆراکی ، کیمیاوی ، دەرمان ، کەل و پەلی ناوماڵ ، ئۆتۆمبێل و پارچەکانی ، چیمەنتۆ ، شیش و کەرەستەی بیناسازی ، زێڕ و زیو و کەل و پەلی کارەبایی و... هتد .

سیاسەتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە لە سەر دوو بنەمای پاراستنی کارگەکانی دامەزراو وە دابین کردنی پێداویستیەکانی بازار دانراوە و لە پلانی ساڵانەی وەزارەت دیارکراوە ، هەندێک سنوور بۆ پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی ئەو کارگانە دیارکردووە کە ژمارەیان لە بڕی پێویست زۆرترە و ئەولەویات بەو کارگانە دراوە کە پێشتر مۆڵەتیان وەرگرتووە و لە دامەزراندن دایە .

لە ساڵی ٢٠٢2 ئاراستە بوونی سەرمایەی کەرتی تایبەت بەرەو کەرتی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵی تا رادەیەک چالاکییەکانی لەم دوو کەرتە زیاد کردووە و دامەزراندنی کارگە لە هەرێمی کوردستان هۆکارێک بووە بۆ گەشەیەکی دیار لە ژمارەی کارگەکانی دامەزراو  بۆیە ژمارەی مۆڵەتی پێدراو بۆ دامەزراندنی کارگە لە ساڵی **2022** تەنها **(273)** مۆڵەت بووە کە بەراورد لەگەڵ ساڵی **2021** بە ڕێژەی **(134%)** زیادی کردوە . **(61.5%)** مۆڵەتی پێدراو بۆ کارگەکانی بچووک و **(38.5%)**بۆ کارگەکانی مامناوەندی و گەورە بووە وە نزیکەی **(189,626,000)** دۆلار سەرمایە و **(3,819)** هەلی کار دابین کراوە . زۆرترین بەرزبوون لە کارگەکانی بیناسازی ، کیمیاوی ، بەرهەمە خۆراکییەکان ، ئاسنگەری و خزمەتگوزاری بووە .

ژمارەی کارگەکانی دامەزراو لە هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی **2022** گەیشتووە بە **(4,293)**کارگە ،بەبڕی نزیکەی یەک ملیار دۆلار وە نزیکەی **(47,850)** هەڵی کاریان لە کەرتی بەرهەم هێنانی پیشەسازی دابین کردووە بە شێوەی ڕاستەوخۆ.

بڕی بەرهەم هێنانی چیمەنتۆ لە (6) کارگەی دامەزراو لە هەرێمی کوردستان ، لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرهەمیان گەیشتووە بە نزیکەی (14)ملیۆن تەن کە دەگاتە (86%) تواناى دامەزراویان و بەرێژەی (9%) بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٢١ کەمی کردووە ، کارگەکانی شیشی کۆنکرێتی کە (15) کارگەی دامەزراو لە هەرێمی کوردستان کە تواناى دانراویان نزیکەی (13)ملیۆن تەنە .

کارگەکانی شیش لە ساڵی 2022 گەیشتووە بە (15) کارگە کە تواناى بەرهەمی ساڵانەیان (13,617,200) تەنە . گەورەترین بەربەست لە بەرامبەر بەرهەم هێنان لەم کارگانە ، کەم بوون و کێشە لە دابین کردنی سکراب و ئاسنی ئەسفەنجی وەک کەرەستەی خاوی سەرەکی بووە بە پێی ی خەملاندنەکان هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی (٧٠٠،٠٠٠) تەن ئاسنی سکرابی هەبووە ئەم رێژەیە لەساڵی ٢٠٢٠ نزم بۆتەوە (٦٠٠,٠٠٠)تەن وە مەزندە دەکرێت  لە ساڵی ٢٠٢١ دابەزێت (٤٤٠,٠٠٠) تەن ئەمەش گرفت دروست دەکات بۆ کارگە ناوخۆییەکانی ئاسن و شیش ،
بە رهەمی شیشی خۆمالی هەندێک کارگەی خۆمالی  نزیکە لە نرخی شیشی تورکی وە هەندیک کارگە زیاترە لە نرخی ئێرانی وە زۆربەی کارگەکان پشتیان بە ئاسنی سکراب بەستووە وتەنیا یەک کارگە نەبێت پشت بەبەرهەمی کەرەستەی خاوی اسفنجی دەبەستێت کە لە دەرەوەی وولات دێت  .

هەر چەندە ئەم ژمارانە بە پێی هەژماری سەرەتایی و گشتی خەمڵێندراوە و بۆ گەیشتن بە ژمارەی راست ، پێویستی بە ووردەکاری زۆری هەیە ، بەڵام دەتوانێت ، تارادەیەک دیارکەری بارودۆخی ئابووری هەرێم بێت .

ژمارەی کۆمپانیاکانی تۆمار کراو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 گەیشتووە بە (31,355) کۆمپانیا کە (90%)ی کۆمپانیاکانی خۆمالی و (10%)ی لقی کۆمپانیا بیانییەکانە . لە ساڵی 2022 ژمارەی کۆمپانیاکانی خۆمالی تۆمارکراو (168) بووە کە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی 2021 بەرێژەی نزیکەی (11.9%) کەمی کردووە و  ژمارە لقی کۆمپانیا بیانییەکانی تۆمارکرا (35) بووە کە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی 2021 بەرێژەی نزیکەی (94.6%) کەمی کردووە .

یەک لە ئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامە و پرۆژانە یە  کە لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاسایشی خۆراک پێی سپێردراوە . دروست کردنی سایلۆ بۆ عەمبارکردنی گەنم و دروست کردنی کۆگا بۆ وەرگرتنی دانەوێلە و مەوادی خۆراک لە پلانی ستراتیژی وەزارەت جێگیر بووە و بەپێی بەرنامەی دارێژراو کاری بۆی دەکرێت.

لە کۆتایی ساڵی 2020 ، تواناى عەمبار کردنی گەنم لە سایلۆکانی هەرێمی کوردستان (465,000)تەن بووە وە تواناى عەمبار کردنی کاتی گەنم لە پەنکەرەکان (361,000) تەن بووە وە هەروەها بە تەواو بوونی (3) پرۆژەی سایلۆ لە سێ پارێزگای کوردستان ، تواناى عەمبار کردنی گەنم لە سایلۆکان لە ساڵی ٢٠٢٢ بەرزدەبێتەوە دەکاتە (585,000) تەن و لە پەنکەرەکان (346,000) تەن ، کە دەگاتە پێویستی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان . لە لایەکی تر ، بە پێی

بودجەی پەسەندکراوی عێراق و بڕیاری حکومەتی فیدراڵ و کەم کردنی پشکی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی گەنم ، بڕی گشتی گەنمی وەرگیراو لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 تەنها نزیکەی (322,387) تەن بووە کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2021 بە ڕێژەی (256.9%) زیادی کردووە .

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی ئابووری حکومەتی هەرێم کار دەکات بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی پیشەسازی ، بە کارخستنی سامانە سروشتیەکانی نیشتمانی بە گونجاوترین شێوە بۆ بەرزکردنی داهاتی نیشتمانی ، دابین کردنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان ، هاوردن و بە کارهێنان و تەکنەلۆجیای سەردەم ، بە هێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق و چالاك کردنی پەیوەندییە پیشەسازی و بازرگانییەکان لە گەڵ ووڵاتانی دەرەوە ، دابین کردنی پێداویستی هاووڵاتیان و چاودێری بازاڕ بە مەبەستی پشتگیری مافی بەکارهێنەر و بەشداری کردن لە پێکهێنانی ژینگەیەکی گونجاو بۆ هاوردنی سەرمایە گوزاری خۆماڵی و بیانی .

زانیارییەکان و ئامارەکانی پێشکەش کراو لەم راپۆرتە ، ئەو راستیە دەردەخات کە بنەمای سیاسەتەکانی ئابووری لە هەرێم و شێوازی جێبەجێ کردنیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ جیاوازە کە هۆکارێک بووە بۆ هاوردنی سەرمایە وهاتنی وەبەرهێنەرەکان لە ناوچەکانی تری عێراق و وولاتانی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان . بۆیە هەرجۆرە دەستێوەردان و گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابووری ئیستا ، پێویستی بە دیراساتی وورد و گشتگیر هەیە بۆ پێش بینی ئەنجامەکان .

لە کۆتاییدا، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەوڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی ئابووری هەرێم لە ریگای گەشەپێدانی چالاکییە پیشەسازی و ڕێکخستنی چالاکییە بازرگانییەکان کە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە بەرزکردنی ئاستی سەرجەمی داهاتی نیشتمانی و دابین کردنی هەلی کار بۆ هاوولاتیان و  بۆ زیاتر بەرەو پێشچوونی کەرتی پیشەسازی پێویست دەکات سەرجەم مۆڵەتەکانی پیشەسازی لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئەنجام بدرێت وە مۆڵەتەکان لە لایەن حکومەتی فیدراڵ دانی پێبدرێت وە هەوڵ بدرێت زیاتر پشتگیری لە کەرتی پیشەسازی بکرێت وە بتوانرێت پارە دابینبکرێت بۆ بوژانەوەی ژێرخانی پیشەسازی ، لە درێژەی هەولەکانی وەزارەت توانرا یاسای ٢٠ عێراقی ساڵی ١٩٩٨ لە پەرلەمان هەموار بکرێت کە ماف امتیازاتی باشی تێدایە وە هەروەها ڕێگە بە وەبەرهێنەری بیانی دەدرێت وە بەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی بکات بە هەمان ماف و امتیازاتی هاووڵاتی هەرێم  ئەویش بەمەبەستی هێنانی تەکنولوجیای نوی و دابینکردنی زیاتری هەلی کار وە برەودان بە کەرتی پیشەسازی .  وەیاساکانی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ کێبرکی بەتەواوی جێبەجێکرێت وە خالە سنوریە نا فەرمیەکان دابخرێت ریگە لە هاتنی بەرهەمی هەرزان و بی کوالتیی بگیرێت وە هەروەها  بەشی کانزاکان لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بگەرێتەوە لای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەبەر ئەوە کە زۆربەی کانزاکان وەکوو کەرەستەی خاو سەرەکی لە کەرتی پیشەسازی بەکار دێت وە هەروەها پێویستە بە زوترین کات ناوچەی پیشەسازی دروست بکرێت لە هەرێمی کوردستان چونکە زۆر گرنگە وە بە ژێرخانی پەرەپێدانی پیشەسازی دادەنرێت .

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ب.گ. پلان دانان و بەدواداچوون**

## بەشی دووەم:

# پێکهاتەی ئیداری

# هەیکەلی گشتی وەزارەت بە پێی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2010



# هەیکەلی نوێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی و کارگێڕی



# هەیکەلی پێشنیارکراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون



# هەیکەلی نوێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشە پێدانی پیشەسازی



# هەیکەلی نوێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی




سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستان بە پێی ئابووری ئازاد (کەرتی تایبەت) دانراوە وە لە ساڵی **1991** سێ کۆمپانیای گشتی (کەل و پەلی بیناسازی، ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان و بازاری ناوەندی هەولێر) کارەکانیان ڕاوەستاوە . بڕیارماندا بە گواستنەوەی فەرمانبەران و کەل و پەلی ئیداری بۆ ب.گ.بازرگانی کە هەلدەستێت بە وەڵام دانەوەی نووسراوەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان .

# هەیکەلی نوێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکان



بەشی سێهەم:

# فەرمانبەران

# بەشی سێهەم: فەرمانبەران

به پێی خشتەکانی هاوپێچ، ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی و پیشە سازی لە کۆتایی ساڵی **2022**، گەیشتووە بە **(3,075)** فەرمانبەر کە لە **(1,953)** پیاو**(63.5%)**و **(1,122)** ئافرەت**(36.5%)** پێکهاتووە وئاستی خوێندنی **(697)** بەکالۆریوس و بەرەو سەرە ، ژمارەی فەرمانبەران لە دیوانی وەزارەت **(261)** فەرمانبەر **(8.5%)** ە، لە ب.گ. بازرگانی **(1,560)** فەرمانبەر **(50.7%)**، لە ب.گ.گەشەپێدانی پیشەسازی **(939)** فەرمانبەر **(30.5%)** ، لە ب.گ.پلان دانان و بەدواداچوون **(79)**فەرمانبەر **(2.6%)** ولە ب.گ.تۆمارکردنی کۆمپانیاکان **(236)** فەرمانبەر**(7.7%)** وە **(168)** فەرمانبەری گرێبەستمان هەیە لە سەر گشت وەزارەت کە لە **(103)** پیاو و **(65)** ئافرەت پێکهاتوون.
رێژەی دابەش بوونی فەرمانبەران لە سێ پارێزگای هەرێم و گەرمیان و کەرکوک بریتیە لە **(39.8%)** لە هەولێر، **(39.5%)** لە سلیمانی ، **(16.3%)** لە دهۆك ، **(2 %)** لە گەرمیان و **(2.44%)** لە کەرکوک .

لە ساڵی **2022** بە پێی ئەو زانیارییانەی کە دەستمان کەوتووە ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە وەزارەتمان خانەنشین کراون **(68)** کەس بووە و **(8)** فەرمانبەر کۆتایی بە راژەیان هێنراوە وە بۆ **(1)** فەرمانبەر درێژ کردنەوەی خزمەتی بۆ کراوە و **(4)** فەرمانبەر کۆچی دواییان کردووە .

## ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی بەپێ ئاستی خوێندن بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان لە کۆتایی ساڵی 2022

| ناوی فەرمانگە / ئاستی خوێندن | دیوانی وەزارەت | | ب.گ. بازرگانی | | ب.گ.تۆمارکردنی کۆمپانیاکان | | ب.گ. گەشە پێدانی پیشەسازی | | ب.گ. پلان دانان وبەدواداچوون | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | کۆ |
| دکتۆرا | 2 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 | 0 | 3 |
| ماستەر | 13 | 4 | 13 | 2 | 4 | 2 | 10 | 4 | 1 | 1 | 41 | 13 | 54 |
| دبلۆمی بالا | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 | 2 |
| بەکالۆریۆس | 44 | 33 | 197 | 88 | 40 | 37 | 111 | 63 | 13 | 12 | 405 | 233 | 638 |
| دبلۆم | 32 | 15 | 172 | 126 | 10 | 14 | 95 | 53 | 14 | 7 | 323 | 215 | 538 |
| ئامادەیی | 6 | 12 | 73 | 47 | 5 | 6 | 6 | 6 | 1 | 1 | 91 | 72 | 163 |
| ئامادەیی پیشەییەکان | 16 | 11 | 190 | 105 | 15 | 39 | 164 | 72 | 5 | 4 | 390 | 231 | 621 |
| ناوەندی | 17 | 8 | 108 | 90 | 14 | 13 | 26 | 43 | 1 | 1 | 166 | 155 | 321 |
| سەرەتایی | 21 | 5 | 135 | 46 | 12 | 8 | 106 | 60 | 6 | 7 | 280 | 126 | 406 |
| خوولی خێرا | 0 | 0 | 3 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 | 1 | 4 |
| کەمتر لە سەرەتایی | 17 | 5 | 135 | 28 | 15 | 1 | 81 | 38 | 2 | 3 | 250 | 75 | 325 |
| کۆی گشتی | 168 | 93 | 1,026 | 534 | 116 | 120 | 600 | 339 | 43 | 36 | 1,953 | 1,122 | 3,075 |
| | 261 | | 1,560 | | 236 | | 939 | | 79 | | 3,075 | | |

## ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی بەپێ ئاستی خوێندن و پارێزگاکان لە کۆتایی ساڵی 2022

| ئاستی خوێندن / ناوی فەرمانگە | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | گەرمیان | | کەرکوک | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | کۆ |
| دکتۆرا | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 | 0 | 3 |
| ماستەر | 29 | 10 | 5 | 3 | 7 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 41 | 13 | 54 |
| دبلۆمی بالا | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 | 2 |
| بەکالۆریۆس | 176 | 111 | 128 | 79 | 90 | 34 | 3 | 7 | 8 | 2 | 405 | 233 | 638 |
| دبلۆم | 115 | 66 | 129 | 97 | 52 | 29 | 12 | 18 | 15 | 5 | 323 | 215 | 538 |
| ئامادەیی | 32 | 29 | 20 | 19 | 35 | 14 | 0 | 1 | 4 | 9 | 91 | 72 | 163 |
| ئامادەیی پیشەییەکان | 153 | 63 | 193 | 132 | 35 | 33 | 2 | 3 | 7 | 0 | 390 | 231 | 621 |
| ناوەندی | 84 | 75 | 42 | 55 | 31 | 23 | 3 | 1 | 6 | 1 | 166 | 155 | 321 |
| سەرەتایی | 100 | 59 | 117 | 60 | 53 | 5 | 2 | 2 | 8 | 0 | 280 | 126 | 406 |
| خوولی خێرا | 0 | 0 | 2 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 | 0 | 0 | 3 | 1 | 4 |
| کەمتر لە سەرەتایی | 71 | 48 | 117 | 18 | 49 | 8 | 4 | 0 | 9 | 1 | 250 | 75 | 325 |
| کۆی گشتی | 763 | 461 | 753 | 463 | 353 | 147 | 27 | 33 | 57 | 18 | 1,953 | 1.122 | 3075 |
| | 1,224 | | 1,216 | | 500 | | 60 | | 75 | | 3,075 | | |

## دابەشبوونی فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە پێی رەگەز لە کۆتای ساڵی 2022



## چۆنیەتی ئاستی خوێندنی فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی لە کۆتایی ساڵی 2022



**هەلسەنگاندنی ئاستی خوێندنی فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی بەپێی رەگەز لە کۆتایی ساڵی 2022**



## دابەشبوونی فەرمانبەرانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم لە کۆتایی 2022



## ژمارەی فەرمانبەرانی ب.گ. بازرگانی (هەولێر - سلێمانی - دهوك - گەرمیان) بەپێ ئاستی خوێندن / لە كۆتایی ساڵی 2022

| ناوی فەرمانگە / ئاستی خوێندن | ب.گ. بازرگانی | | | | | | | | كۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | | سلێمانی | | دهوك | | گەرمیان | | | | |
| | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | كۆی گشتی |
| دكتۆرا | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ماستەر | 5 | 1 | 3 | 1 | 5 | 0 | 0 | 0 | 13 | 2 | 15 |
| دبلۆمی بالا | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |
| بەكالۆریۆس | 68 | 24 | 51 | 31 | 75 | 26 | 3 | 7 | 197 | 88 | 285 |
| دبلۆم | 60 | 30 | 51 | 53 | 49 | 25 | 12 | 18 | 172 | 126 | 298 |
| ئامادەیی | 24 | 18 | 14 | 15 | 35 | 13 | 0 | 1 | 73 | 47 | 120 |
| ئامادەیی پیشەییەكان | 90 | 23 | 67 | 53 | 31 | 26 | 2 | 3 | 190 | 105 | 295 |
| ناوەندی | 51 | 39 | 24 | 31 | 30 | 19 | 3 | 1 | 108 | 90 | 198 |
| سەرەتایی | 53 | 18 | 32 | 25 | 48 | 1 | 2 | 2 | 135 | 46 | 181 |
| خوێندنی خێرا | 0 | 0 | 2 | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 | 3 | 1 | 4 |
| كەمتر لە سەرەتایی | 47 | 15 | 40 | 8 | 44 | 5 | 4 | 0 | 135 | 28 | 163 |
| كۆی گشتی | 398 | 168 | 284 | 218 | 317 | 116 | 27 | 33 | 1,026 | 534 | 1,560 |
| | 566 | | 501 | | 433 | | 60 | | 1,560 | | |

## ژمارەی فەرمانبەرانی ب .گ . گەشەپێدانی پیشەسازی (هەولێر - سلێمانی - دهوك ) بەپێ ئاستی خوێندن / لە کۆتایی سالّی 2022

| ناو ی فەرمانگە / ئاستی خوێندن | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | کۆی گشتی | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | |
| دکتۆرا | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ماستەر | 7 | 2 | 2 | 2 | 1 | 0 | 10 | 4 | 14 |
| دبلۆمی بالا | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 |
| بەکالۆریۆس | 35 | 24 | 70 | 36 | 6 | 3 | 111 | 63 | 174 |
| دبلۆم | 17 | 14 | 75 | 38 | 3 | 1 | 95 | 53 | 148 |
| ئامادەیی | 1 | 4 | 5 | 2 | 0 | 0 | 6 | 6 | 12 |
| ئامادەیی پیشەییەکان | 41 | 10 | 122 | 62 | 1 | 0 | 164 | 72 | 236 |
| ناوەندی | 9 | 22 | 16 | 19 | 1 | 2 | 26 | 43 | 69 |
| سەرەتایی | 19 | 28 | 82 | 28 | 5 | 4 | 106 | 60 | 166 |
| خوێندنی خێرا | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| کەمتر لە سەرەتایی | 11 | 26 | 69 | 9 | 1 | 3 | 81 | 38 | 119 |
| کۆی گشتی | 140 | 130 | 442 | 196 | 18 | 13 | 600 | 339 | 939 |
| | 270 | | 638 | | 31 | | 939 | | |

## ژمارەی فەرمانبەرانی ب .گ . تۆمارکردنی کۆمپانیاکان (هەولێر - سلێمانی - دهوك ) بەپێ ئاستی خوێندن / لە کۆتایی سالّی 2022

| ناوی فەرمانگە / ئاستی خوێندن | ب.گ.تۆمارکردنی کۆمپانیاکان | | | | | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | | | |
| | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | پیاو | ئافرەت | کۆ |
| دکتۆرا | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 |
| ماستەر | 3 | 2 | 0 | 0 | 1 | 0 | 4 | 2 | 6 |
| دبلۆمی بالا | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| بەکالۆریۆس | 24 | 20 | 7 | 12 | 9 | 5 | 40 | 37 | 77 |
| دبلۆم | 7 | 5 | 3 | 6 | 0 | 3 | 10 | 14 | 24 |
| ئامادەیی | 4 | 3 | 1 | 2 | 0 | 1 | 5 | 6 | 11 |
| ئامادەیی پیشەییەکان | 8 | 15 | 4 | 17 | 3 | 7 | 15 | 39 | 54 |
| ناوەندی | 12 | 6 | 2 | 5 | 0 | 2 | 14 | 13 | 27 |
| سەرەتایی | 9 | 1 | 3 | 7 | 0 | 0 | 12 | 8 | 20 |
| خوێندنی خێرا | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| کەمتر لە سەرەتایی | 3 | 0 | 8 | 1 | 4 | 0 | 15 | 1 | 16 |
| کۆی گشتی | 71 | 52 | 28 | 50 | 17 | 18 | 116 | 120 | 236 |
| | 123 | | 78 | | 35 | | 236 | | |

## ژمارەی فەرمانبەرانی ب.گ. پلاندانان و بەدواداچوون بەپێ ئاستی خوێندن / لە کۆتایی ساڵی 2022

| ناوی فەرمانگە / ئاستی خوێندن | ب.گ.پلان دانان و بەدواداچوون | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | پیاو | ئافرەت | |
| دکتۆرا | 0 | 0 | 0 |
| ماستەر | 1 | 1 | 2 |
| دبلۆمی بالا | 0 | 0 | 0 |
| بەکالۆریۆس | 13 | 12 | 25 |
| دبلۆم | 14 | 7 | 21 |
| ئامادەیی | 1 | 1 | 2 |
| ئامادەیی پیشەییەکان | 5 | 4 | 9 |
| ناوەندی | 1 | 1 | 2 |
| سەرەتایی | 6 | 7 | 13 |
| خوێندنی خێرا | 0 | 0 | 0 |
| کەمتر لە سەرەتایی | 2 | 3 | 5 |
| کۆی گشتی | 43 | 36 | 79 |
| | 79 | | |

## دابەشبوونی فەرمانبەرانی  ب .گ. بازرگانی (هەولێر- سلێمانی- دهۆك - گەرمیان) لەکۆتایی ساڵی 2022



**دابەشبوونی فەرمانبەرانی ب .گ. گەشەپێدانی پیشەسازی (هەولێر- سلێمانی- دهۆك) لەكۆتایی ساڵی 2022**



## دابەشبوونی فەرمانبەرانی ب.گ . تۆمارکردنی کۆمپانیاکان (هەولێر - سلێمانی - دهوك ) لە کۆتایی ساڵی 2022



## بەشی چوارەم:

# چالاکییە گشتییەکان

## 1-4: پەیوەندییەکان و چالاکییەکانی وەزارەت

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەولی داوە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەل ولاتانی جۆراوجۆری جیهان پتەو بکاتەوە بە مەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکان و پیشەسازییەکان و سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای سەردەمی پیشەسازی و ئەزموونی ولاتانی تر .

بۆ ئەم مەبەستە بە بەردوامی شاندەکانی ولاتانی تر سەردانی وەزارەتمانیان کردووە وە یان شاندی وەزارەتمان سەردانی ئەوانیان کردووە .

- بە ئامادەبوونی رێزدار مەسرور بارزانی، کۆڕبەندی پیشەسازی"لە پێناو ڕەخساندنی بازاڕ و کار"بەڕێوەچوو
- جەنابی وەزیر پێشوازی لە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم کرد
- جەنابی وەزیر ، سەرۆکایەتی شاندی کوردستان لە پیشانگای ئێکسپۆی ۲۰۲۰ی نێودەوڵەتی دوبەی کرد
- جەنابی وەزیر و کونسوڵی نوێی گشتی ئیتاڵیا جەختیان لە پێشوەچوونی ئەزموون و یاداشتنامە لێکتێگەیشتنەکانی ئاستی حکومەت و کۆمپانیاکان کردەوە و سەنتەرێکی هاوبەش بۆ پرۆژەی بازرگانی و پیشەسازی و هاوردەکردنی تەکنەلۆژیای ئیتاڵی دەکرێتەوە .
- جەنابی وەزیر پێشوازی لە شاندی سەنتەری بازرگانی ئیسپانیای کرد کە بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی بازرگانی نێوانیان و کردنەوەی پێشانگای ئەسپانیا لە هەولێر کرد .
- جەنابی وەزیر پێشوازی لە وەزیری هەماهەنگی و پەرەپێدانی بازرگانی هۆڵەندای کرد بەمەبەستی پێش خستن و پەرەپێدانی بازرگانی لە نێوان هەردوولا .
- جەنابی وەزیر و جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی و شاندێکی یاوەریان لە کۆڕبەندی ئابوری کوردستانی – بەریتانی بەشداریان کرد و پەرە بە پەیوەندیە بازرگانی وئابوریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وولاتی بەریتانیا دەدرێت
- لقێکی ژووری بازرگانی ئەمریکی – کلدانی ، سەنتەری بازرگانی جۆرجیا و لقی گروپی دەلتای بەڕازیلی لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە

- ئەنجومەنی کاروباری کوردستانی –بەریتانی-ئەوروپی و ئەنجومەنی کاروباری بولگاری- کوردستانی لە هەرێم دادەمەزرێت .
- شاندی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەشداری لە کۆڕبەندی بازرگانی و وەبەرهێنان لە تورکیا کرد
- کۆبونەوەیەک لەنێوان هەرێمی کوردستان و یۆنان سەبارەت بە فراوانکردنی وەبەرهێنان هاوبەش ئەنجامدر ا
- بەرپرسی گومرگ و ئابووری کونسوڵخانەی تورکیا سەردانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرد وکۆنسولی بازرگانی تورکیا سەردانی بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی کرد
- ئەندامێکی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی قەتەر سەردانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرد
- کۆمپانیا ژاپۆنییەکان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کۆبوونەو ە و کارئاسانی بۆ کۆمپانیاکانیان دەکرێت .
- وەزیری بارزگانی و پیشەسازی لەگەڵ باڵیۆزی هیندستان لەعێراق کۆبویەوە و پەیوەندییە بازرگانیەکانیان بەهێزتر دەکەن و هیندستان گرنگی بە کردنەوەی کارگە و کارخانەکان لە هەرێمی کوردستان دەدەن .
- جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کارو باری بازرگانی و بەرپرسی بەشی ئابووری کونسولگەری فەرەنسی لەهەولێر، کارئاسانی بۆ بازرگانان و سەرمایەدارانی فەرەنسا و هەرێمی کوردستانیان تاوتوێ کرد . دیداری کۆمپانیا خۆمالییەکان و کۆمپانیا فەرەنسیەکان لە ژووری بازرگانی هەولێر بەڕێوەچوو .
- بەشداری شاندی وەزارەت کە پێکهاتبوون لە جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی و ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەت لە ڕێورەسمی پێشوازی کردن لە کونسوڵی گشتی نوێ ی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەولێر کە لە لایەن ژووری بازرگانی ئەمریکی رێکخرابوو
- جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی لەگەڵ شاندێکی بازرگانان و خاوەن کاری ڕوسی و ئۆکرانی وە لەگەڵ نوێنەرانی چەندین کۆمپانیای سووری کۆبووەوە.
- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی بەشداری ڕۆژی بزنسی چیک کرد . کۆمپانیا و سەرمایەدارانی چیک بە نیازن لە هەرێمی کوردستان پرۆژەکانیان ئەنجام بدەن .

- جەنابی وەزیر بابەتی بەشەخۆراکی هاووڵاتیان و بە بازاڕکردنی گەنمی ئەمساڵی جوتیاران لەگەڵ بەغداد تاوتوو کرد . کە لە پەیوەندیەک وەزیری بازرگانی عێراق دڵنیایی دا، کەوا پارەی گەنمی جوتیاران بۆ ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ هەموو ڕێکارەکانی تەواودەبێت و دەنێرێت بۆبانکەکانی هەرێم
- پرسی هەماهەنگی و بەدواداچوونی نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی بازرگانی و کەل و پەلی خۆراکی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ تاوتوێ دەکرێن .
- دوو یاداشتی لێک تێگەشتن لەنێوان وەزارەتەکانی بازرگانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ واژوو دەکرێت
- لە کەرتی پیشەسازی کاربەسیستەمی ئەلیکترۆنی نێوان هەرێم و بەغداد دەکرێت
- وەزارەتی بازرگانی عێراقی فیدرال و جەنابی وەزیر و ستافی پێشکەوتووی وەزارەت خەلات کرد
- جەنابی وەزیر پێشوازی لە بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای دروستکراوی دانەوێڵەی بەغدا کرد
- بەرێوەبەری گشتی بازرگانی پێشوازی لە شاندێکی وەزارەتی بازرگانی حکومەتی عێراقی فیدرال کرد.
- بەشداری ڕاوێژکاری پەیوەندیەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە کۆڕبەندێکی بازرگانی لەبەغدا
- شاندی وەزارەتی بازرگانی عێراق سەردانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرد
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بانکی ئیتیحادی عێراقی تاوتوێی چەند پرسێك دەکەن
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و بانکی **BBAC** دیراسەی پردی پەیوەندی و ئاسانکاری پرۆژەکان دەکەن
- کۆبونەوەی جەنابی وەزیر لەگەڵ وەفدی بەرنامەی خۆراکی جیهانی **(WFP)** رەوشی ئاسایشی خۆراکی و بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی دابەشکردنی خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیانیا ن
- چەند پرۆژەیەکی ستراتیجی لەهەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت لە کۆبونەوویەکی جەنابی وەزیر لەگـــەڵ ڕێکخراوی بەخشەری نێودەوڵەتی **(IFC)**

- بەبەشداری جوتیاران ، وەزیری بازرگانی وپیشەسازی  کێشەکانی گەیاندە بەغدا ، کەمال موسلیم جەنابی وەزیر لەگەڵ وەزیری بازرگانی عێراق کۆبوونەوە بۆچارەسەرکردنی کێشەوگرفتی نێوان هەردوو لا .
- بەشداری کردنی جەنابی وەزیر لە پێشانگای کۆمپانیا خۆماڵییەکان و لە کردنەوەی پڕۆژەی سیستەمی وزەی خۆر بۆ دیوانی وەزارەتی کارەبا بەتوانای ١٣١ کیلۆوات کە لەلایەن کۆمپانیای سۆلاڤ ئەلیکتریک جێ بەجێ کراو ە
- جەنابی وەزیر چەندین کۆبوونەوەی لە ساڵی 2022 ئەنجام داوە کە بریتییە :-

1. لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکانی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانیی پەرلەمانی کوردستان
2. لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابوری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بازرگانان و پیشەوەرانی سلێمانی
3. لەگەڵ نوێنەری خاوەن ئاشەکان
4. لەگەڵ بەرێوەبەرانی بازرگانی کەل وپەلی خۆراک
5. لەگەڵ سەندیکای ئەندازیاران
6. لەگەڵ خاوەن کارگە کان ڕێنمایی نوێ بۆ بەگەرخستنەوەی کارگە لە کارکەوتووەکان دەرکرا

- جەنابی وەزیر بە یاوەری جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی و راوێژکاری پەیوەندیەکان و بەرێوەبەری گشتی بازرگانی و دیوان لە کۆبونەوەیەکی کراوەی بەرپرسانی حکومی و وەبەرهێنەر و بازرگانانی هەرێمی کوردستان  لە شاری هەولێر بەشداریان کرد
- بەرهەم هێنانی کەرەستەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان لەئاستێکی باشدایە"  کەمال موسلیم، جەنابی وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت بەشداریان کرد لە پێشانگایەکی هاوبەشی بواری بیناسازی لە سلێمانی کە لەحەوت دەوڵەتی جیاوازی وەک (کوێت، کەنەدا، صین، مالیزیا.....) و کۆمپانیای خۆماڵی بەشداریان کردبوو .
- جەنابی وەزیر ڕۆژانە بەشێوەیەکی مەیدانی چاودێری پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جوتیارانی کرد لە سایلۆکان  و جەختی لەوە کردەوە پێویستە ئاسانکاری تەواو بکرێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جوتیارا ن
- جەنابی وەزیر بەمەبەستی چارەسەر کردنی گرفتی دواکەوتنی بەشە ئاردی هاووڵاتیان بەوردی چاودێری ناردنی گەنم بۆ ئاشەکان دەکات
- بەسەرپەرشتی جەنابی وەزیر کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت ئەنجامدرا.

- جەنابی وەزیرپشتگیری هەڵسەنگاندنی جیۆلۆجی پڕۆژە پیشەسازیەکان دەکات
- جەنابی وەزیر لە ساڵی 2022 چەندین شوێنی بەسەر کردووە کە بریتییە :-

أ. کۆگا و سایلۆ و سەنتەری بازاڕەکانی

ب. عەلوەی هاوچەرخی هەولێر

ج. ئیدارەی ڕاپەڕینی

- جەنابی وەزیر بەدواداچون بۆ گرفتەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە کرد
- وەزیری بازرگانی و پیشەسازی" ئێمەدەمانەوێت بنیادی پیشەسازی بنێن" و ستراتیج و پلانی وەزارەت بەپێی بازاڕ و پێویستی دەبێت بۆئەوەی دیاری بکرێ چ جۆرە پیشەسازیەک لەپێشترە پەرەی پێ بدرێت نەک لەسەرداواکاری بازرگان و وەبەرهێنەران
- جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی و جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری پیشەسازی و بەڕێوەبەری گشتی پلان و بەدواداچوون بە نوێنەرایەتی وەزارەت لە وۆرک شۆپی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام و دیدگای ٢٠٣٠ لە هەرێمی کوردستان بەشداریان کرد و رای خۆیان بە نووسراو ئاراستەی وەزارەتی پلاندانان کرد .
- جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی ڕەوشی بازرگانی و چاودێریکردنی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان شی کردووە .
- جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بەسەر کرد و پێشوازی لە کۆمەڵەی خاوەن کارگە هونەریەکانی ئارد کرد
- دیداری بریکاری وەزاەت بۆ کاروباری بازرگانی لە ڕێکەوتی (١٢ /٤ /٢٠٢٢) لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان (24) بوو .
- جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی سەرپەرشتی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێری کرد
- جەنابی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی بەشداری کۆنگرەی پەرەپێدانی کەرتی بانکی هەولێر کرد
- بەرێز بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی بەشداری کرد لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی ئەنجامی ڕوپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچوك، بچووك، مامناوەند بۆ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان
- کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق سوپاس و پێزانین ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرد

- پرسەکانی هاوکاریی لۆجیستی و ئاسانکاریی بازرگانان و بەرهەمی کۆپیکراو گفتوگۆی لەسەر کرا
- بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی بەشداریی کۆڕبەندی بازرگانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کرد
- پێدانی بڕوانامەی کۆمپانیا بەو بیانیانەی خاوەن کارتی نیشینگەن ڕێکدەخرێتەوە
- بە بەشداری شاندی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە یەکەمین کۆنفرانسی زێڕ کە لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو وە سەندیکای زێڕینگرانی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرد .
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دەستەی وەبەرهێنان دۆخی پیشەسازی هەڵدەسەنگێنن
- ئامادەکاری بۆ کردنەوەی ناوچەیەکی پیشەسازی لە کۆیە دەکرێت
- دادگای بازرگانی لە هەرێمی کوردستان کرایەوە
- بە دیجیتاڵ کردنی کارەکانی وەزارەت دیراسە کرا
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دانەوێڵەی هەولێر : ئەو ئاردەی دەدرێتە هاووڵاتیان، تێستکراوە و بە سوودە
- شاندی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەشداری کۆنفرانسی پەرەپێدانی ئابووری هەڵەبجەیان کرد
- داتاو تۆمارنامەی ناوی بازرگانی ئامادە دەکرێت بە شیوەی ئەلەکترۆنی و چاپکراو و دەدرێتە بەریۆەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
- کار بۆ ڕێکخستنەوەی یاسای پێدانی بریکارنامەی بازرگانی دەکرێت
- کاردەکرێت بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەنێوان هەرێم و ناوچەکانی تری عێراق
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسای بەشداری چوارەمین کۆنفرانسی زانستی ئابووری و کارگێڕی نێودەوڵەتی کرد
- کار بۆ کەمکردنەوەی رۆتین لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەکرێت
- هەوڵ دەدرێت بازاڕی بەرهەمی ناوخۆیی پێش بخرێت و بەروبومە ناوخۆییەکان هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکرێن
- کاردەکرێت لەسەر کەمکردنەوە و جێگیرکردنی باج و ڕسوماتی کارگەکان و کەم کردنەوەی کرێی کارەبا و کار لە سەر چارەسەر کردنی کێشە و گرفتی کارگەکانی شیش و ئاسن وکارلەسەر گرفتی زەوی کارگەکان وپڕۆژەپیشەسازیەکان دەکرێت .

- بەشداری وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی لە کۆڕبەندی سلێمانی بۆ وەبەرهێنان وگەشەی ئابور ی
- چەند پرۆژەیەکی گرنگی بازرگانی و پیشەسازی دەهێنرێتە کوردستان
- لە کۆبوونەوەی وەزارە تی بازرگانی و پیشەسازی و نوێنەری پیشەوەران بڕیارە جۆری پیشەکان ڕێک بخرێتەوە
- یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی ڕێکخستنەوە و پێداویستی بازاڕی کار بەڕێوەچوو

## 2-4: دانان و هەموار کردنی یاسا و ڕێنماییەکانی ساڵی 2022

لە ئامانجە سەرەکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بریتیە لە دروست کردنی ژێرخانی یاسایی پێویست ، دروست کردنی ژێرخانێکی گونجاو لە کەرتی پیشەسازی بە مەبەستی گەشەپێدانی داهاتی نیشتمانی و دابین کردنی هەلی کار و دروست کردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ بەشداری کردنی کەرتی تایبەت لە چالاکییە بازرگانییەکان و دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی .

1) هەمواركردنی یاسای (ژوورە بازرگانیەکان) ژمارە (14)ی ساڵی (1993)
2) هەموارکردنی یاسای (بازرگانی عێراق) ژمارە (30)ی ساڵی (1984)
3) هەڵسەنگاندن و خستنەرووی تێبینییەکانمان تایبەت بە رەشنووسی یاسای پاراستنی مافی خاوەنداریەتی هرزی .
4) رەشنووسی هەموار کردنی ستراتیژی نیشتمانی ڕوبەرووبوونەوەی گەندەلی لە هەرێمی کوردستان .
5) ڕێنمایی ژمارە 1 لە ساڵی 2022 کە سەبارەت بە پێدانی چیمەنتۆ بۆ هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .
6) ڕێنمایی ژمارە 2 لە ساڵی 2022 سەبارەت بە بەخشینی بریکاری بەشە خۆراک و ئاردی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.
7) ڕێنمایی ژمارە 3 لە ساڵی 2022 سەبارەت بە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لە ژێر راستکردنەوە (تعدیل) دایە (جارە بلاو نەکراوەتەوە) .
8) ڕێنمایی ژمارە 4 لە ساڵی 2021 : سەبارەت بە بەگەرخستنەوەی کارگە لە کارکەوتووەکان .

## 3-4:  راپۆرت و لێکۆلینەوە

پلانی سالانەی وەزارەتمان بەرەچاوگرتنی ئامانجەکانی سەرەوە دادەنرێت و لەم چوارچێوەدا ، پرۆژەکانی بەرنامەی سالانە ، رێنماییەکان و پرۆژەیاساییەکانی پێویست پێشنیارو جێ بە جێ دەکرێت .

**1-3-4: ئامادەکردنی پلانی ساڵی 2023 بۆ کۆنترۆلی جۆری**

**2-3-4: لە ساڵی 2022 راپۆرت و دیراساتی خوارەوە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون ئەنجام دراوە :-**

أ. ئامادەکردنی کارنامەی چاکسازی ئیستا و داهاتوو

ب. راپۆرتی چالاکییە گرینگەکانی وەزارەت لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکەمەتی هەرێمی کوردستان

ج.  ئامادە کردنی پرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیارکراوەکان بۆ ساڵی 2022

د. ئامادەکردنی پلانی ساڵی 2023 بۆ پێدانی مۆلەت بۆ دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەراتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی بە پێی ئەولەویات ، پێداویستی هەرێم و توانای تەکنەلۆجی.

ه. وەڵامی پرسیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران

و. ئامادە کردن و پێشکەش کردنی راپۆرتی وەزارەتمان سەبارەت بە "جێبەجێ کردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافە مرۆڤ" .

ز. ئامادە کردنی راپۆرتی جۆراو جۆر :

1)راپۆرتی کارکردن بۆ دانانی پلانی ساڵانەی کارگێری ساڵی 2023 .

2)راپۆرتی چالاکییەکانی کۆتایی ساڵی 2022

3)راپۆرتی سەبارەت بە ئاسایشی خۆراک و گەشەی ئابووری

4)راپۆرتی کێشە و گرفت و پێداویستیەکانی وەزارەت

5)راپۆرتی کارگەکانی مۆڵەت پێدراو لە کابینەی نۆیەم بۆ ئەنجومەنی وەزیران

6)راپۆرتی کۆربەندی پیشەسازی

7)راپۆرتی بارودۆخی پیشەسازی

8)راپۆرتی چالاکییەکانی وەزارەت بۆ ئیمارات

9)راپۆرتی پلانی پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان

10) راپۆرتی ئەو پرۆژانەی لە کابینەی نۆیەم ئەنجام دراون .

11) سەردانکردنی کارگەکانی جوراوجۆری پیشەسازی بۆ ساڵی2022 لە لایەن لیژنەی بەدواداچوونی کارگەکانی کەرتی تایبەت کە تێکرای رۆژانی سەردان (126) رۆژ بووە بریتیە لە :

| ژمارە | شوێن | ژمارەی سەردان |
|---|---|---|
| 1 | **پیشەسازی تیماری گەورە** | **66** |
| 2 | **پیشەسازی قورس** | **9** |
| 3 | **پیشەسازی باشوور** | **280** |
| | **کۆی گشتی** | **355** |

## بەشی پێنجەم:

# پرۆژەکان

# پرۆژەكان

پرۆژەكانی كە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و  پیشە سازی ولە سەر بودجەی  حكومەتی هەرێم لە ساڵی 2022 ئەنجام دراون یان لە جێبە جێ كردن دایە بریتیە :

1. دابین كردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی پیشەسازی تانجەرو ( قۆناغی سێهەم ) كە بە گوژمەی (8,240) ملیۆن دینار لە قۆناغی جێبەجێ كردنە و (71%) تەواو بووە .
2. دروست كردنی سایلۆی (40,000) تەن لەگەڵ 10 كۆگا لە ناحیەی قوشتەپە – هەولێربە گوژمەی گشتی (22,140,000,000) بیست و دوو ملیار و یەك سەد و چل ملیۆن دینار لە قۆناغی جێبەجێ كردن و (100%) تەواو بووە
3. دروست كردنی سایلۆی (40,000) تەن لەگەڵ 5 كۆگا لە ناحیەی كەلار–ئیدارەی گەرمیان كە بە گوژمەی گشتی (21,162,000,000) بیست و یەك ملیار و یەك سەد و شەست و دوو ملیۆن دینار لە قۆناغی جێبەجێكردن و (100%) تەواو بووە .
4. دروستكردنی سایلۆی (40) هەزار تەن و (4) كۆگا لە ناحیەی روڤیا – دهۆك كە بە گوژمەی (20,100,000,000) بیست ملیارو سەد ملیۆن دینار لە قۆناغی جێبەجێ كردنە و 100% تەواو بووە .
5. ناوچەی پیشەسازی –هەولێر (قۆناغی یەكەم ) و ناوچەی پیشەسازی –كەلار (قۆناغی یەكەم ) بە گوژمە ی گشتی (89,270,000,000) هەشتا و نۆ ملیارو دوو سەد و حەفتا دینار لە قۆناغی جێبەجێكردنن و كارەكان بە رێژەیەكی زۆر كەم بەرەو پێش رۆیشتووە .

(4) پرۆژەی دروست كردنی شاروشارۆچكە پیشەسازییەكان لە هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك و گەرمیان بە گوژمەی گشتی (18,000,000,000) هەژدە ملیار دینار لە ساڵی 2012 دراوە بە پارێزگاكان بۆ جێبەجێ كردن ، بەڵام بە پێی بریاری ئەنجومەنی وەزیران لە نیوەی دووەمی ساڵی 2014 گەرایەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی .

## پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2022

| ژ | ناوی پرۆژە | شوێن (پارێزگا) | شوێن (قەزا) | گۆژمە بە ملیۆن دینار | ڕێژەی بەرەوپێشچوون % |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دروست کردنی ناوچەی پیشەسازی لە هەولێر ( قوناغی یەکەم ) (بازرگانی) | هەولێر | هەولێر | 44,270 | |
| 2 | دروست کردنی سایلۆ (40000)تەن و 10 کۆگای مەوادی خۆراکی (10*2000 تەن) لە قوشتەپە | هەولێر | دەشتی هەولێر | 22,140 | 100 |
| 3 | پرۆژەی ئاوەرۆی بۆکس قیاس (2*2) بۆ کۆمەڵگەی گەنجینەکانی هوانە بە درێژی (280م) | سلێمانی | سلێمانی | 291 | 0 |
| 4 | گەیاندنی خزمەتگوزاری تۆری ئاو ئاوەڕۆ و داخستنی تێکەڵە بۆ بەشێك لەشەقامەکانی پیشەسازی تانجەرۆ / قۆناغی یەکەم. | سلێمانی | سلێمانی | 6,705 | 100 |
| 5 | دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی پیشەسازی تانجەرو ( قۆناغی سێهەم ) | سلێمانی | سلێمانی | 8,240 | 70 |
| 6 | دروستکردنی سایلۆی (40) هەزار تەن و (10) کۆگا لە هەڵەبجە | هەڵەبجە | هەڵەبجە | 26,000 | 0 |
| 7 | دروستکردنی سایلۆ ( 40،000 ) تەن و ( 4 ) کۆگای مەوادی خۆراکی ( 4 * 2000 ) تەن لە بەردەڕەش. | دهوک | بەردەڕەش | 20,100 | 100 |
| 8 | دروستکردنی سایلۆ ( 40،000 ) تەن و ( 5 ) کۆگای مەوادی خۆراکی ( 5 * 2000 ) تەن لە کەلار. | گەرمیان | کەلار | 21,162 | 100 |
| | کۆی گشتی | | | 148,908 | |

# پرۆژە پێشنیارکراوەکان بۆ ساڵی 2022

| ژ. | ناوی پڕۆژە | پارێزگا | قەزا | گۆژمەی پێشبینی کراوی پرۆژە (بە ملیۆن دینار) | پارەی تەرخانکراو بۆ ساڵی 22 بە ملیون دینار | ماوەی پڕۆژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی سایلۆی (40) هەزار تەن و (5) کۆگا لە هەریر - هەولێر | هەولێر | هەریر | 23,500 | 3,000 | 600 رۆژ |
| 2 | دروستکردنی بینای تاقیگەکانی کونترۆلی جۆری/هەولێر | هەولێر | هەولێر | 3,000 | 600 | 400 رۆژ |
| 3 | دروست کردنی بینای بازرگانی گشتی لەگەڵ فەرمانگەکانی - هەولێر | هەولێر | هەولێر | 5,000 | 1,000 | 400 رۆژ |
| 4 | دروست کردنی بینای تۆمار کردنی کۆمپانیاکان(گشتی +لقی هەولێر) - هەولێر | هەولێر | هەولێر | 3,500 | 800 | 400 رۆژ |
| 5 | دروستکردنی سەنتەری ڕاهێنانی پێشکەوتوو - هەولێر | هەولێر | هەولێر | 9,000 | 100 | 700 رۆژ |
| 6 | دروستکردنی نهومی سێهەم ب( ٤ ژوور + هۆل ) ۆ ب.گ.پلان دانان و بەدواداچوون - هەولێر | هەولێر | هەولێر | 350 | 350 | 400 رۆژ |
| 7 | دروستکردنی کۆمەلگەیەک بۆ فەرمانگەکانی سەر بە ب.گ.بازرگانی لە سۆران | هەولێر | سۆران | 4,000 | 500 | 400 رۆژ |
| 8 | دروست کردنی بینا بۆ بنکەی خۆراکی کۆیە | هەولێر | کۆیە | 2,500 | 600 | 400 رۆژ |
| 9 | نوێژن کردنەوەی کۆگاکانی کەل و پەلی خۆراک لە پارێزگای هەولێر | هەولێر | هەولێر | 1,000 | 700 | 400 رۆژ |
| 10 | دروست کردنی ناوچەی پیشەسازی لە سلیمانی | سلێمانی | سلێمانی | 44,000 | 1,000 | قۆناغی یەکەم : 1650 رۆژ |
| 11 | دروستکردنی سایلۆی (40) هەزار تەن و (5) کۆگا لە سلێمانی- کفری | سلێمانی | کفری | 23,500 | 2,000 | 700 رۆژ |
| 12 | دروستکردنی بینای تاقیگەکانی کونترۆلی جۆری/سلیمانی | سلێمانی | سلێمانی | 3,000 | 600 | 400 رۆژ |
| 13 | دروستکردنی بینای بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 3,000 | 500 | 400 رۆژ |
| 14 | دروستکردنی کۆمەلگەیەک بۆ فەرمانگەکانی سەر بە ب.گ.بازرگانی لە ڕاپەرین | سلێمانی | ڕاپەرین | 4,000 | 500 | 400 رۆژ |
| 15 | نوێژن کردنەوەی کۆگاکانی هوانە لە پارێزگای سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی | 1,000 | 200 | 400 رۆژ |
| 16 | دروستکردنی سایلۆی (40) هەزار تەن و (5) کۆگا لە زاخۆ - دهۆک | دهۆک | زاخۆ | 23,500 | 3,000 | 600 رۆژ |
| 17 | دروست کردنی ناوچەی پیشەسازی لە دهۆک | دهۆک | دهۆک | 42,000 | 1,000 | قۆناغی یەکەم : 1650 رۆژ |
| 18 | دروستکردنی سایلۆی (40) هەزار تەن و (10) کۆگا لە باتیل- دهۆک | دهۆک | باتیل | 26,000 | 2,000 | 700 رۆژ |
| 19 | دروستکردنی بینای تاقیگەکانی کونترۆلی جۆری/دهۆک | دهۆک | دهۆک | 3,000 | 600 | 400 رۆژ |
| 20 | دروست کردنی بینای بازرگانی گشتی لەگەڵ فەرمانگەکانی -دهۆک | دهۆک | دهۆک | 5,000 | 600 | 400 رۆژ |

| ژ. | ناوی پرۆژە | پارێزگا | قەزا | گوژمەی پێشبینی کراوی پرۆژە (بە ملیۆن دینار) | پارەی تەرخانکراو بۆ ساڵی 22 بە ملیون دینار | ماوەی پرۆژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 21 | دروستکردنی بینای بەرێوەبەرایەتییەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی دهۆک | دهۆک | دهۆک | 2,500 | 500 | 400 رۆژ |
| 22 | دروست کردنی بینای بنکەکانی چاودێری بازرگانی لە قەزاکانی - دهۆک | دهۆک | دهۆک | 2,500 | 500 | 400 رۆژ |
| 23 | دروستکردنی کۆمەلگەیەک بۆ فەرمانگەکانی سەر بە ب.گ.بازرگانی لە زاخۆ | دهۆک | زاخۆ | 4,000 | 500 | 400 رۆژ |
| 24 | نوێژن کردنەوەی کۆگاکانی کەل و پەلی خۆراک لە پارێزگای دهۆک | دهۆک | دهۆک | 1,000 | 200 | 400 رۆژ |
| 25 | دروستکردنی کۆمەڵگایەک بۆ فەرمانگەکانی گەرمیان | گەرمیان | گەرمیان | 3,000 | 500 | 400 رۆژ |
| 26 | دابینکردنی تاقیگەیەک بۆ پشکنینی مەوادی خواردەمەنی - گەرمیان | گەرمیان | گەرمیان | 2,500 | 500 | 400 رۆژ |
| 27 | دروست کردنی ناوچەی پیشەسازی لە هەلەبجە | هەڵەبجە | هەڵەبجە | 44,000 | 1,000 | قۆناغی یەکەم : 1650 رۆژ |
| 28 | دروستکردنی کۆمەڵگایەک بۆ فەرمانگەکانی سەر بە ب.گ.بازرگانی لە -هەڵەبجە | هەڵەبجە | هەڵەبجە | 4,000 | 1,000 | 400 رۆژ |
| | کۆی گشتی | | | 293,350 | 24,350 | |

## بەشی شەشەم:

# کارگەکانی حکومی

# بارودۆخی کارگەکانی حکومی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022

| پارێزگا | ژ | ناوی کارگە | بارودۆخی کارگە | بارودۆخی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1 | کارگەی جگەرە هەولێر | گرێبەستی هەلوەشاوەتەوە / گەراوەتەوە بۆ وەزارەت | کارناکات |
| | 2 | کارگەی مەرمەڕی هەولێر | گرێبەستی هەلوەشاوەتەوە بە پێی بریاری دادگا ژمارە (1026) / گەراوەتەوە بۆ وەزارەت | کارناکات |
| | 3 | کارگەی قوتوبەندودۆشاوی تەماتە لە کۆیە | گرێبەستی هەلوەشاوەتەوە / گەراوەتەوە بۆ وەزارەت | کارناکات |
| سلێمانی | 1 | کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە | گرێبەستی نوێکراوەتەوە لەگەڵ فاروق گروپ بۆ ماوەی 10ساڵ | بەردەوامە لە کارکردن |
| | 2 | کارگەی جلو بەرگی ئامادەکراو | گرێبەستی هەلوەشاوەتەوە | کارناکات |
| | 3 | کارگەی ئاوی کانزایی بانی خێڵان | گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (wis) بۆ ماوەی 15 ساڵ کراوە | بەردەوامە لە کارکردن و بەرهەمی هەیە |
| | 4 | کارگەی شیرەمەنی بانی خێلان | گرێبەستی کراوە لەگەڵ کۆمپانیای زمناکۆ بۆ ماوەی 12 ساڵ | کارگە لە قۆناغی ئامادەسازی دایە بۆ کارکردن |
| | 5 | کارگەی رۆنی عەربەت | گرێبەستی کراوە لەگەڵ کۆمپانیای زمناکۆ بۆ ماوەی 10 ساڵ | لە هەولدایە بۆ هێنانی ئامێری نوێ و مۆدێرن چونکەئامێرەکانی سیستەمی کۆنە |
| | 6 | کارگەی خوێی یۆد بازیان | گرێبەستی هەلوەشاوەتەوە | کارناکات ، ئامێرەکانی دەستین |
| | 7 | کارگەی بەفر لە کفری | گرێبەستی بەکرێدانی هەیە | کارناکات |
| | 8 | کارگەی رستن و چنین لە کفری | لیژنەیەک دامەزراوە بەمەبەستی خەملاندن و بەکرێدانی کارگە | کارناکات لەبەر ئەوەی ئامێرەکانی هی ساڵی 70کانە |
| | 9 | کارگەی جبسم بلۆك لە بازیان | گرێبەستی هەیە لەگەڵ کۆمپانیای باستە بەکرێدراوە بۆ ماوەی 15 ساڵ | کارناکات لەبەر نەبوونی بازار دەبێت جۆری بەرهەم بگۆردرێت |
| | 10 | کارگەی گەچی بازیان | کارگە لە لایەن وەزارەت بەرێوە دەبرێت | کاردەکات بەڵام بازاری نیە دەبێت جۆری بەرهەم بگۆردرێت |
| | 11 | کارگەی قوتو بەندی هەڵەبجە | گرێبەست کراوە بە ماوەی 15 ساڵ | کاردەکات و هێلی بەرهەمی نوێ داناوە |
| دهۆک | 1 | کارگەی رۆنی رووەکی ئاکرێ | گرێبەستی بەردەوامە بەکرێدراوە بۆ ماوەی 25 ساڵ لە بەرواری 2008/5/4 | کارناکات |
| | 2 | کارگەی شیرەمەنی سمێل | زەوی کارگە گواستراوە بۆ سەر وەبەرهێنانی دهۆک | هیچ ئامێری نیە پێویستی بە ئامێری پێشکەوتووە |

## خەرجی و داهات لە کارگەکانی حکومی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022

| ژ | ناوی کارگە | پارێزگا | کۆی گشتی خەرجی (دینار) | کۆی گشتی داهات (دینار) | جیاوازی نێوان خەرجی وداهات (دینار) |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پوختە کردن وترشاندنی توتن | سلێمانی | 0 | 0 | 0 |
| 2 | گەچی هونەری بازیان | سلێمانی | 668,331,100 | 117,000 | -668,214,100 |
| 3 | ڕستنی خوری کفری | سلێمانی | 0 | 0 | 0 |
| 4 | سەهۆڵی کفری | سلێمانی | 0 | 0 | 0 |
| 5 | شەکری سلێمانی | سلێمانی | 0 | 0 | 0 |
| 6 | جبسم بلۆك | سلێمانی | 0 | 0 | 0 |
| 7 | ڕۆنی عەربەت | سلێمانی | 0 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | | 668,331,100 | 117,000 | -668,214,100 |

## بەشی حەوتەم:

# کارگەکانی کەرتی تایبەت

## ژمارەی گشتی کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان تا کۆتایی 2022 (بەپێی جۆری کۆمەڵگەی پیشەسازی)

| کۆمەڵگەی پیشەسازی | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆک | | | گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. کارگە | هەلی کار | سەرمایە ملیۆن | ژ. کارگە | هەلی کار | سەرمایە ملیۆن | ژ. کارگە | هەلی کار | سەرمایە ملیۆن | ژ. کارگە | هەلی کار | سەرمایە بە ملیۆن |
| بیناسازی | 706 | 4,919 | 111,109 | 462 | 2,100 | 91,390 | 142 | 2,534 | 65,449 | 1,310 | 9,553 | 267,948 |
| ئامێرەکان | 134 | 959 | 14,256 | 40 | 261 | 5,228 | 4 | 31 | 211 | 178 | 1,251 | 19,695 |
| خۆراردەمەنی | 473 | 5,571 | 66,862 | 173 | 2,762 | 113,260 | 106 | 2,817 | 53,627 | 752 | 11,150 | 233,749 |
| کارەبایی | 28 | 3,561 | 2,375 | 6 | 65 | 980 | 4 | 136 | 5,230 | 38 | 3,762 | 8,585 |
| ناکانزاکان | 959 | 9,729 | 116,743 | 313 | 4,669 | 185,169 | 128 | 2,554 | 64,527 | 1,400 | 16,952 | 366,439 |
| کانزایی | 467 | 2,842 | 29,041 | 75 | 1,366 | 53,444 | 28 | 545 | 12,947 | 570 | 4,753 | 95,432 |
| رستن و چنین | 38 | 232 | 3,125 | 2 | 14 | 260 | 5 | 183 | 1,095 | 45 | 429 | 4,480 |
| کۆی گشتی | 2,805 | 27,813 | 343,511 | 1,071 | 11,237 | 449,731 | 417 | 8,800 | 203,086 | 4,293 | 47,850 | 996,328 |

## ژمارەی گشتی کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا تا کۆتاییساڵی 2022



## ژمارەی کارگەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا تا کۆتایی ساڵی 2022



## چۆنیەتی دابەشکردنی هەلی کار لە کارگەکانی کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا تا کۆتایی ساڵی 2022



### چۆنیەتی دابەشکردنی سەرمایە گوزاری لە کارگەکانی کەرتی تایبەت بە پێی پارێزگا تا کۆتایی ساڵی 2022



# چۆنیەتی دابەشکردنی کارگەکانی کەرتی تایبەت بە پێی کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستان تا کۆتایی ساڵی 2022



## ژمارەی گشتی کارگەکانی کەرتی تایبەت لە پارێزگای هەولێر تا کۆتایی 2022 (بەپێی جۆری کۆمەڵگەی پیشەسازی)

| کۆمەڵگە | ژ. کارگە | هەلی کار | سەرمایە بە ملیۆن |
|---|---|---|---|
| بیناسازی | 706 | 4,919 | 111,109 |
| ئامێرەکان | 134 | 959 | 14,256 |
| خۆاردەمەنی | 473 | 5,571 | 66,862 |
| کارەبایی | 28 | 3,561 | 2,375 |
| ناکانزاکان | 959 | 9,729 | 116,743 |
| کانزایی | 467 | 2,842 | 29,041 |
| رستن و چنین | 38 | 232 | 3,125 |
| کۆی گشتی | **2,805** | **27,813** | **343,511** |

## چۆنیەتی دابەشکردنی کارگەکانی کەرتی تایبەت بە پێی کۆمەڵگە لە پارێزگای هەولێر تا کۆتایی 2022



## ژمارەی کارگەکان کەرتی تایبەت لە پارێزگای سلێمانی تا کۆتایی 2022 بە گوێرەی (بەپێی جۆری کۆمەڵگەی پیشەسازی)

| کۆمەڵگە | ژ. کارگە | هەلی کار | سەرمایە بە ملیۆن |
|---|---|---|---|
| بیناسازی | 462 | 2,100 | 91,390 |
| ئامێرەکان | 40 | 261 | 5,228 |
| خۆاردەمەنی | 173 | 2,762 | 113,260 |
| کارەبایی | 6 | 65 | 980 |
| ناکانزاکان | 313 | 4,669 | 185,169 |
| کانزایی | 75 | 1,366 | 53,444 |
| رستن و چنین | 2 | 14 | 260 |
| کۆی گشتی | 1,071 | 11,237 | 449,731 |

